ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

# هەواڵەکانی 24 سەعاتی رابردوو سەبارەت بە هەوڵەکانی فیدراسیۆن دژ بە دیپۆرتی پەنابەرانی کورد

لەندەن کاتژمێر 7 ئێوارە

## بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق کۆدەبێتەوە:

بەرەی دژی دیپۆرت لەکۆبونەوەی دەورەی خۆیدا لەلەندەن تازەترین هەواڵەکانی لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان لەلایەن دەشتی جەمال باسلیکرا وە هەروەها هەواڵەکانی گرتنی پەنابەران و ئەو کارو چالاکیانەی ئەنجام دراوە ،هاوکات لەسەر خۆپیشاندانی بەیانی 24 مانگ باسکرا و ئەو کارانەی لەو راستایەدا ئەنجام دراوە لەپەیوەند بەمیدیاکان و پەنابەران و رێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکان ،لەبەشێکی تردا سارە پارکەر لەسەر پەیوەندی یەکانی لەگەڵ نوێنەری UNHCR باسلیکرد و هەروەها بریاردارا کۆبوونەوەی تر لەپەرلەمان ئەنجام بدرێ وە کۆبوونەوەی تر لەگەڵ پەنابەران و خۆپیشاندان لەشارەکانی تریش ئەنجام بدرێ دژ بەدیپۆرتی پەنابەران ،لەبەشێکی تر لەسەر ئیمکانی کۆمەکی زیاتر بە پەنابەرە گیراوەکان تاوتۆکرا.

لەندەن:

## شورای پەنابەران نارازین بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد

شورای پەنابەران لە نامەیەکیدا کە لەسەرتاسەری بەریتانیا بلاوکراوەتەوە نیگەرانی خۆیان دەردەبرن بەرامبەر بەناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد و بەسیاسەتێکی خەتەرناکی لەقەلەم دەدەن دۆینێ نامەکەیان لەکۆبوونەوەی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق بلاوکرایەوە کرا بەزمانی کوردی.

بەغداد 2007/1/23 کاتژمیر 4ئیوارە:

## سەرۆکی کۆمەڵەی قوتابیان دژ بە داگیرکاری پشتیوانی لە پەنابەرانی کورد دەکات

لەنامەیەکدا کە بەرێز (جواد عبد) سەرۆکی کۆمەلەی قوتابیان دژی داگیرکاری لە بەغداوە ئارستەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کردوە کە تیادا ئیدانەی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کورد دەکەن لەبەریتانیا و هاوپشتی و پشتیوانی خۆیان رادەگەیەنن لەکەمپینی فیدراسیۆن و داواکارن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان لە پاڵ پەنابەرانی کوردا راوەستن.

لەندەن: 1/23 کاتژمیر 9ی سەرلەبەیانی

## ناوی ژمارەیەکی تر لە پەنابەرە کوردە گیراوەکان ئاراستەی پارێزەر دەکرێت

فیدراسیۆن ناوی سێ پەنابەری گیراوی تری کورد ئاراستەی (RLC) دەکات کە ئەمانەن_ئاسۆس مەولود،محمد حوسین،رەشید..) .

لەندەن کاتژمێر 6ئێوارە

## پەنابەرێکی کوردی دانیشتوی شاری بەرمنگهام ئازاد دەکرێت

پەنابەرێکی کورد بەناوی شۆرش کەریم کە لەچەند رۆژ لەوەو پێشەوە فیدراسیۆن هەوڵی ئازادکردنی داوە لەریگای پارێزەرەوە خۆش بەختانە ئەمرۆ بەکەفالەت ئازاد کرا.

لەندەن:

## رۆژنامەی گاردیانی بەریتانیا هەواڵی خۆپیشاندانی پەنابەران بلاودەکاتەوە:

ئەمرۆ رۆژنامەی گاردیان لەهەواڵەکان کە لەشورای پەنابەرانەوە پیان گەیشتوە هەواڵی نارەزایەتیەکان دژ بەدیپۆرتی پەنابەرانی کورد و خۆپیشاندانی بەیانی بلاو دەکاتەوە.

[ttp://commentisfree.guardian.co.uk/anna_reisenberger/2007/01/naming_our_sha](ttp://commentisfree.guardian.co.uk/anna_reisenberger/2007/01/naming_our_sha)

لەندەن

## پەیمانگای دژی نەژادی هەواڵەکانی دیپۆرتی پەنابەرانی کورد بلاو دەکاتەوە

لە راگەیاندنێکی سایتەکەیان هەواڵی رۆژنامەگەری فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق بلاو دەکاتەوە لەماڵپەرەکەیان کە ئەمەلینکەکەیەتی: [http://www.irr.org.uk/2007/january/ha000014.html](http://www.irr.org.uk/2007/january/ha000014.html)

ئەمریکا/ نیووۆرک

## فیدراسیۆن هەواڵی ناردنەوەی پەنابەران دەگەیەنیتە ئەمریکا

لەپەیوەندی یەکی تەلەفونی رێکخراوی (Human Rights Watch) پەیوەندیان کرد بەدەشتی جەماڵ لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی کورد لەبەریتانیاو تازەترین هەواڵەکان، کە لەو بارەیەوە بەرپرسی فیدراسیۆن لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان گرفتەکانی پەنابەران و کارو هەلسورانەکانی فیدراسیۆن دژ بە سیاسەتی گیرانەوەی پەزۆری پەنابەران قسەو باسی کرد و داوای پشتیوانی کرد وە رێکخراوی ناوبراو سەرباری بەلێن دان بە پەیوەندی بەردەوام بریاریان دا بەیانی لەگەل وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا ونۆینەری حکومەتی هەریمی کوردستان پەیوەندی بگرن و بەرپرسی فیدراسیۆن کۆمەڵێك دۆکیمەنت و نامەی پەنابەران لەکوردستانەوە بۆ رەوانە کردن.

لیدز:

## رێکخراوی کوردی پشتیوانی خۆیان لەخۆپیشاندان رادەگەیەنن:

لەنامەیەکدا کە سەرۆکی ئەم رێکخراوەیە ئاراستەی فیدراسیونی دەکات ،بریار دەدەن بەشداری خۆپیشاندانی پەنابەران بکەن.

دنیوکاستل:

## رێکخراوی کوردی لەنیوکاسڵ تازەترین هەواڵەکان بلاو دەکەنەوە

لە نامەیەکدا کە ئاراستەی فیدراسیۆن کراوە تەواوی بەیان و راگەیاندنەکان لەنیو پەنابەران بلاو دەکرێتەوە. لەشاری نیو کاسڵ

لەندەن :

## نۆینەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی پەنابەران نامە ئاراستەی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق دەکات

لەنامەیەکدا کە نۆینەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەشی پەنابەران لە لەندەن ئاراستەی سارە پارکەر و دەشتی جەماڵ دەکات داوا دە کات وکەرۆژی و کاتی کۆبوونەوەی بەرپرسی فیدراسیۆن بۆ سەردانی بۆ جینیف سەبارەت بەکیشەی پەنابەرانی کورد دیاربکرێت.

---

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal, Mobile: 07856032991**

mobile: [jasm_rg@yahoo.co.uk](mailto:jasm_rg@yahoo.co.uk) Jasim Ghafur[burhanfatah@aol.com](mailto:burhanfatah@aol.com) Burhan Fatah[d.jamal@ntlworld.com](mailto:d.jamal@ntlworld.com)

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

[www.csdiraq.com](http://www.csdiraq.com)